

# Al-Anfal

# کوشتنی جەستە و سڕینەوەی نەتەوە

3

ئامادەکردنی: نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

ئێمە چیمان لێیان دەست کەوت، وتمان لەوانەیە چەند پیاوێکی باشیان تیا بدۆزینەوە، بەڵام هەرگیز نەماندۆزییەوە، دەبێت سەریان پان بکەمەوە، ئەم سەگانە دەبێت، دەرسیان دابدەم.! نا، دەبێت بە بلدۆزەر بیانێژم".

لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا لە کەرکووک عەلی حەسەن مەجید وای گوت



چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان:

# پاشماوەی ئەنفالکراوانی گەرمیان لە ناهەموارترین بارودۆخی ژیاندان

**گەرمیان ئەو سەرزەمینەی کە هۆردوی ئەنفال دای بەسەریدا و تەڕ و وشکی پێکەوە سوتاند و یادەوەری و ئاوەدانی و ژیانی تالانکرد و ئەسەف و فرمێسک و مەینەتی لە جێگادا جێهێشت. چنار وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانە، ئەویش وەک زۆرێک خێزانی تری ئەم وڵاتە پاش ماندووبوونی سەرکار و گەڕانەوەی بۆ ماڵ هەموو وشەکان بەکاردەهێنێ وشەی بابە نەبێت چونکە ئەویش لەو نازە بێبەش بووە. لە سەرەتای دەسبەکاربوونی لە پۆستی وەزارەتدا سەردانی دەڤەری گەرمیانی کرد، ئاخۆ تێڕوانینی چنار لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە چۆنە، وەک وەزیرێک شتەکان دەبینێ یان وەک کەسێکی ئازار چەشتوو؟ لەم دیمانەیەدا چنار سەعد لە خەمەکانی ئەنفال و گەرمیان دەدوێت کە خۆی لە نزیکەوە بینینی.**

*** ئەوەی لەسەر مەینەتی پاشماوەی ئەنفالکراوان بیستبووتان لەگەڵ ئەوەی خۆتان بینیتان چۆنی لێک دەدەنەوە؟**

– لە یەکەم ڕۆژی دەسبەکاربوونمانە ئەو بڕیارەماندا بوو کە کاری ئێمە زیاتر مەیدانی بێت و لەم سەفەرەماندا بۆ گەرمیان بینیمان ئەو خەڵکە لە ناخۆشترین بارودۆخی ژیاندان و پێویستە پلانی وەزارەت لەسەر ئەوەی کە دیمان دابڕێژین.

ئێمە لە گەرمیان چوینە هەردوو ئۆردوگای شۆڕش و ڕزگاری و لەوێدا واقعەکەمان لە نزیکەوە بینی، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی ئێمە لە چوونە ناو جەماوەر و سەردانی ناوچەکاندا خەمساردن و هەمیشە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا بۆشاییەک هەیە و ئێمە هەوڵماندا ئەو بۆشاییە نەهێڵین و ئەوانیش هەست بکەن ئێمە لەوان جیاواز نین.

*** گرنگترین ئامانج لەم سەردانەدا بینینی واقیعەکە بوو، لێرەدا پرسیار ئەوەیە چیمان دی؟**

– ئەوەی لەو دوو کۆمەڵگەیەدا بینیمان، وڵاتێکی وێران و کۆمەڵگەیەکی بریندار، کێشەی کۆمەڵایەتی و بژێوی زۆر، حاڵەتی ناتەندروست بە کورتی لەو ناوچانەدا ژیان زۆر زەحمەتە و ئەوەی ئەوان قوربانیان بۆ داوە لە بەرامبەردا خەمساردی هەبووە لە خزمەتکردنیاندا و ئەمەش مایەی خەم و پەژارەیە لەوێ چیرۆکی تراژیدی زۆرن، ژنێک بە تەنیا لە کەلاوەیەکدا دەژی و دەستێک نییە لە دەرگاکەی بدات و بەسەری بکاتەوە، خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان نییە، دەیانگوت زستانان ئێمە لەنێو قوڕدا دەژین، نەخۆشخانە نییە لە زۆر گوندا، لاوانیان بێکارن، کچان لەبەر دووری قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لەزۆر گوندی ناوچەکە لە خوێندن بێبەشن.

*** لاوان لەوێ گلەییان دەکرد کە سێبەری دارێک نییە لە بنیدا دانیشن چجای پارک و باخچە!!**

– باخچە و گۆڕەپانی یاری و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانە و قوتابخانە داوا و خواستی ئەو خەڵکە بوون.

چیرۆکەکان زۆر تراژیدین ڕەنگە لە گێڕانەوەیاندا ئەو مانایە نەدەن وەک ئەوەی خۆت دەیبینی.

ئەو مووچەیەی بەوان دەدرێت زۆر کەمە، لاوێکم بینی شەشی ئامادەیی بڕیوە بە نمرەیەکی باش، بەڵام ناتوانێت لەبەر بێ دەرامەتی زانکۆ بخوێنێ.

*** پاش بینینی ئەو دیمەنانە نەخشە و پلانی کاری وەزارەتەکەتان ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت؟**

– بە دڵنیاییەوە، ئێمە پێشتر چەند پرۆژەیەکمان داڕشتبوو ئەو پرۆژانە زیاتر هەوڵماندا بەپێی دابەشکردنی جوگرافیا بەڵام ئێستا کە دەبینین ئەو ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ شارە گەورەکاندا جیاوازی زۆرە بۆیە جەخت دەکەم لەسەر ئەوەی خزمەتگوزاری بگاتە ئەو شوێنانەی کە فەرامۆش کراون و دوورەدەستن، مەبەستم لەو شوێنانەیە کە ئەنفال و کیمیاباران کراون..

ئەرکی حکوومەتە تەنیا تەرکیز لەسەر شارە گەورەکان نەکات بۆ ئەوەی کۆچی لادێ بۆ شار ڕاگرین و پێچەوانەی بکەینەوە پێویستە ئەو شوێنە دوورانەش خزمەتگوزاریان بگاتێ.

*** لە ٨/٢١دا دادگایی سەدام دەست پێدەکات و ئێمەش بەردەوام کار لەسەر ئەو دیکۆمێنتانە دەکەین لەملاو لەولاوە دەستمان دەکەون، بەڵام بەهەزارەها پاشماوەی ئەنفال وەک دیکۆمێنتی زیندوو هەن و ماون، لەوانەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا لەگەڵ مردنی هەر کەسێکیان کۆمەڵێک چیرۆک و گێڕانەوە بچنە ژێرخۆڵەوە، وەزارەتی بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەو یاداشتانەی دەم ئەو خەڵکە تۆمار و ئەرشیف بکات؟**

– بۆ دادگایی سەدام هەموو شت ئامادەکراوە، ئێمە وەک وەزارەت پلانمان بۆ ئەوەی ئێوە پرسیتان، ئێمە لە پلانی وەزارەت دامانناوە بەشێکمان هەبێت بەناوی ئەرشیف و دیکۆمێنت، لەو بەشەدا تەواوی داتا و بەڵگەنامەکان کۆدەکەینەوە و وەک بانکێکی زانیاری بیدەینە ئەوانەی زانیاریان دەوێت یان بۆ نەوەی داهاتوو بمێنێ.

ئێستا جگە لەوە خەریکی پرۆژەی فیلمێکی دیکۆمێنتارین لەسەر ئەوانەی لە نوگرە سەلمان ڕزگاریان بووە، ئەمە وێڕای پرۆژەی فیلمێک لەسەر ئەنفال.

دیارە ئەمەش تەنیا بە وەزارەتەکەی ئێمە ناکرێت بۆیە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری قسەمانکرد و ئەویش بەڵێنی هاوکاری بە ئێمە داوە.

هیوادارم بتوانین لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوام بین و بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران دڵنیا دەکەمەوە کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا پرۆژەی یاسای تایبەت بە ژیان و باری گوزەران و موچەی ئەوان دەردەچێت بە جۆرێک لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا گونجاوبێت لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە.

# چارەنووسی خەمناکی بێوەژنانی ئەنفال

## ئەو ژنانەی کە بێوەژن کەوتوون بە هۆی ئەنفالەوە

## هێشتا لە ململانێی ئەوەدان ٢٠ ساڵێکی تریش هەڵکەن

**وریا حەمە تاهیر لە ڕزگاری**



هەوری خەمۆکی زەینەب فارس ماوەی ١٨ ساڵی دوورودرێژە بەسەریەوەیەتی. سێ ڕۆژ پاش ئەوەی ئاهەنگی شووکردنی دەگێڕا لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیدا، سوپای عێراقی مێردەکەیان برد. ئەمە لە ساڵی ١٩٨٨دا بوو و لەو کاتەوە هەواڵی لەو مێردەیەوە نەبیستووە.

زەینەب ئێستە ٣٦ ساڵەو هێشتا لەگەڵ دایک و باوکیدا دەژی، یادگاری سەباح بەهۆی تاکە وێنەیەکیەوە زیندووە کە لە ژێر تەلەفزیۆنی ئەو خێزانەدا دانراوە. لەگەڵ نەبوونی خوێنەواری و دەرفەتی ئیشدا، زەینەب ڕۆژەکانی بە پاککردنەوەی دوو ژوورەکەیان و گوێگرتن بۆ ڕادیۆ بەسەر دەبات.

پەخشی بەرنامە ناوخۆیی و مۆسیقاکان لە ناوچەی گەرمیانی کوردستانی عێراق پەیوەندی ڕۆژانەی ئەوە بە جیهانی دەرەوە. باوکی زەینەب، کە لە حەفتاکانی تەمەنیدایە،ڕێی پێنادات قسە لەگەڵ پیاوانی تردا بکات، تەنانەت کوڕە ئامۆزاکان و بە دڵنیاییش لەگەڵ پەیامنێرەکەی IWPR یشدا کە ناچار بوو بە نهێنی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز بدات.

هەرچەندە خۆشەویستییەکەی بۆ سەباح هێشتا جێگیرە، بەڵام ئارەزووی لێیە شوو بکاتەوە. بەڵام باوکی بەمە ڕازی نییە، لەبەر ئەوەی عورفی ناوچەیی هانی بێوەژنان نایات دووبارە شووبکەنەوە.

زەینەب پێی وایە کە لاشەی سەباح لەوانەیە لە یەکێک لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا بێت کە هێشتا هەڵنەدراونەتەوە لە عێراقی پاش بەعسدا.

مێردەکەی لە هەڵمەتی ئەنفالدا گیرا کە ئەو هەڵمەتە بەدناوەیە کە ڕژێمی سەدام حوسەین لە دژی کوردەکانی عێراق ئەنجامی دا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ بۆ ١٩٨٩ دا.

گرووپەکانی مافی مرۆڤ دەیخەمڵێنن کە ١٨٢ هەزار مەدەنی کوژراون، بەڵام زۆربەی قوربانییەکان تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە. زۆربەی ئەو لاشانەی کە دەرهێنراونەتەوە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا لە سەرانسەری وڵاتدا وا مەزەندە دەکرێت کە کورد یان عەرەبی شیعە بن کە سەدام ئەوانیشی چەوساندەوە بەڵام پرۆسەی ناسینەوەیان پڕ کێشە بووە.

هەر وەک هەڵامەتی ئەنفال مەترسیدار بوو بۆ قوربانیەکان، بێوەژنەکانیشی دەبێت هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا بژین. بە پێی بەڕێوەبەرێتی گشتی مافی مرۆڤی گەرمیان، تەنها یەک شارۆچکە، کە بە ڕزگاری ناو دەبرێت، شوێنی ٧٠٠ بێوەژنی ئەنفالە.

نزیکەی ٢٧ هەزار کەس لەو شارۆچکە هەژارە لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێن کە لە بنەڕەتدا ڕژێمی سەدام ئەم شارۆچکەیەی دروست کردبوو وەک ئۆردوگایەکی زیندان بۆ کوردەکان کە دێهاتەکانییان لەناوبران لە ماوەی چالاکییە سەربازیەکاندا.

ئەم شارۆچکەیە یادی هەژدەیەمین ساڵ ڕۆژی ئەنفال دەکاتەوە لە بەرواری ٤/١٤ دا. دەرفەتێکی کەمتریان هەبوو بۆ ئەوەی ئەو یادە بکەنەوە کاتێک ڕاگەینرا کە سەدام حسێن و شەش لە بەرپرسەکانی ڕژێمەکەی، لەوانەش عەلی حەسن ئەلمەجید کە بە «عەلی کیمیاوی» ناسراوە، دادگایی دەکرێن لەسەر ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامییان داوە لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا.

من زۆر دڵخۆشم بەوەی کە دادگایی دەکرێت لەسەر ئەنفال،» نازدار ساڵح قادر، ٧١، ووتی کە هەشت ئەندامی خێزانەکەی لەدەستداوە لە کاتی پرۆسەکەدا. «ئەمە ئاشتیمان بۆ دەهێنیت.»

نازدار لە عەرەبی تێناگات بەڵام ووتی کە یەکێک پەیدا دەکات بۆ ئەوەی بۆی وەربگێڕێت کاتێک دادگاییەکە دەکات لەسەر تەلەفزیۆن ئەمەش هەرکاتێ کارەبایان هەبوو. کارەبا و ئاو کە من لێرە کە ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی هەندێک والیێکات خۆپیشاندان ساز بدەن لە دژی حکوومەتی کوردی لە کاتی یادەکەدا کە ئەم هەفتەیەیە.

زۆربەی بێوەژنەکانی شارۆچکەکە ژیانێکی پڕ تەنهایی و کۆسپ دەبەنە سەر. ژنی وەک نازدار زۆر پشتیان بەستووە بە خێزانەکانییان و بە حکوومەتی کوردیش کە مانگانە بڕی ١٠٠ دۆلاری ئەمەیکی بۆ خێزانی قوربانیانی ئەنفال بڕیوەتەوە لەگەڵ پارچەی ئەرزی بچووک و قەرزی عەقار بۆ ئەوەی خانوو دروست بکەن.

ژنان لە ڕزگاری خوێنەوارییەکی کەمیان هەیە و شارۆچکەکەش

ئاستی ئابووری نزمە. شووکردنیش ئامرازێکی گرنگی پشتگیرییە بۆ ژنان، بەڵام بۆ بێوەژنانی ئەنفال شووکردنەوە خەریکە دەبێتە مەحاڵ..

بە پێی یاسای ئیسلام، گەر مێردی ژنێک دیار نەمێنێت دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ چاوەڕێبکات پێش ئەوەی شوو بکاتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە لەوەی کە مێردەکە ناگەڕێتەوە. یاسای عێراقیش دەڵێت کە ژن ناتوانێت شوو بکاتەوە هەتاوەکو چارەنووسی مێردەکەی دیاری نەکرێت.

لە ١٩٩٩ دا، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد کە دەیوت ئەوانەی بێسەروشوێن بوون لە کاتی ئەنفالدا بە ڕەسمی بە مردوو لە قەڵەم دەدرێن. بەڵام بڕیارەکە ڕانەگەیەنرا بۆ خەڵک هەتا کەوتنی ڕژێمی سەدام کە سێ لە ساڵ لەمەوبەر بوو. زۆربەی بێوەژنان گوتیان کە ئاگایان لەو بڕیارە نەبووە.

گوڵاڵە عەزیز، کە نوێنەرایەتی قوربانیانی ئەنفال دەکات لە پەرلەمانی کوردستان، ووتی کە حکوومەت بە واڵایی بڕیارەکەی ڕانەگەیاند چونکە ڕژێمی سەدام هێشتا لە دەسەڵاتدا بوو و هیچ بەڵگەیەکیش نەبوو کە پیشانی بدا قوربانییەکان بە ڕاستی مردوون.

بەڵام موحەمەد گەزنەیی کە بەرپرسێکی حکوومەتی کوردستانە ووتی کە دەسەڵات »حەزی نەکردووە بە بێوەژنان بڵێت کە مێردەکانییان چی دی لە ژیاندا نەماون.

«ئەبوایە پێیان بووتینایە،» ئامینە کەریم ووتی کە نیشتەجێیەکی ٤٢ ساڵی ڕزگارییە. «دەرفەتی شوکردنەوە هەتا هەتایە نامێنێتەوە.»



لە کاتێکا عورفی ناوچەیی ڕێگە لە بێوەژنان دەگرێت شووبکەنەوە بە لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی تەمەنیان چەندە، گەزنەیی کۆک بوو لەسەر ئەوەی کە تەنانەت بەبێ ئەم جۆرە ڕێگرانەش، ژنان هێشتا ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە لە دۆزینەوەی هاوسەری تازەدا.

ئەوانەی گەیشتوونەتە نیوەی تەمەنیان چی دی بە بابەتی شوو دانانرێن و تەنانەت پیاوی سەڵتیش لە تەمەنی ئەواندا کەمە تا کو ژن بێنن. فرە ژنیش، کە گەزنەیی باسی لێوە کرد کە پێدەچێت ڕێگەیەکی عەمەلی بێت بۆ پشتگیری ئەم جۆرە ژنانە، نایاساییە بە پێی یاسای عێراقی.

ئامینە باوەڕی وایە کە ئەو پێنج یان دە ساڵ لە مەوپێش سەرنج ڕاکێشتر بووە و بەختەوەر تر دەبوو ئەگەر مێردێکی هەبووایە.

لەو کاتەدا سێ منالی لە قوتابخانە هەبووە و خۆشی کرێکاری کردووە لە باخێکدا ڕۆژانە بە ٥ دۆلار. هەردوو کوڕەکەی لە قوتابخانە هێناوەتە دەرەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە بژێوی خێزانەکەدا بەڵام ئەوەی مسۆگەر کردووە کە کچەکەی ،کە ئێستە ١٩ ساڵە، ئەو خوێندنە وەرگرێت کە خۆی هەرگیز ئامینە نەگەیشتووە.

ماڵی مێردەکەی هەندێک پارەیان داوەتێ لەگەڵ هەندێک پارەیدا کە لە ئیش پەیدای کردووە خانوویەکی بچووکی پێکڕیوە لە ڕزگاری. ئێستا لەوێ دەژی لەگەڵ کچەکەی و کوڕەکەی و ژنی کوڕەکەیدا.

ئامینە یەکێکە لەو بێوەژنە ئەنفالانەی ڕزگاری کە دەمێکە هیوای بڕیوە لە شووکردنەوە و لەبری ئەوە داواکارە لە حکوومەتی کوردی یارمەتی زیاتری بۆ دابین بکات.

گوڵاڵە عەزیز گوتی: کە داوای لە پەرلەمانی کوردستان کردووە قەرەبووی ڕزگاربووانی ئەنفال بکرێتەوە و بەڵام هێشتا وەڵامی پێنەگەیشتووە.

زۆرینەیان هەست دەکەن ئەو ١٠٠ دۆلارەی کە مانگانە قوربانییانی ئەنفال وەری دەگرن بەشیان ناکات، بە تایبەتی بۆ ئەو چەندین خێزانانەی کە کرێ خانوو دەدەن. حکوومەت دەستی کرد بەوەی کە مانگانە ٢٠ دۆلاری زیاتریان بداتێ لە ٢٠٠٣ دا. دڵشاد کەریم فەرەج کە بەرپرسێکی ناوچەییە گوتی: کە ئیش بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو مانگانەیە زیاد بکەن.

بەڵام هەندێک ژن دەڵێن کە ئەوان کەمتر حەزیان لە پارە وەرگرتنە بەڵکو زیاتر خەمی بنیاتنانی داهاتوویەک دەکەن بۆ منالەکانییان

پارە هیچ شتێک ناکات،» ئاسکە جەباری تەمەن ٣٦ ساڵان وای گوت: کە دایکی چوار منالە. پارە ناتوانێت قەرەبووی هەموو ئەوە بکاتەوە لە دەستمانداوە.»

**وریا حەمە تاهیر ڕۆژنامەوانێکی ڕاهێنراوی IWPRە لە کەلار. موحەریری کوردی مەریوان حەمە سەعید بەشداری کردووە لەم ڕاپۆرتەدا.**

ماڵپەری ئەنیستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی

www.iwpr net